گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دیجیتاڵی مرۆیی وەک ناوەندێك بۆ دەربڕین لە هونەری شێوەکاریدا
## هەرێمی کوردستان بە نموونە

**ئەژین جوتیار نوری**
شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق
Azhin.jutyar13@gmail.com

**پ. ی. د. نەبەز عبداللطیف**
شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق
nabaz.mohammad@univsul.edu.iq

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٧/٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٩/١٢
بڵاوکردنەوە: زستان ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
Digital, humanities, art, Kurdish art, central

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.6

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر کاری لەسەر خستنەڕووی ئامادەیی دیجیتاڵیی مرۆیی کردووە لە تەواوی جومگەکانی هونەردا و هەوڵی داوە ئەو کاریگەرییانە شرۆڤە بکات کە دیجیتاڵ لەسەر ڕێڕەو و ئاراستەکردنی هونەری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیەتی. دیجیتاڵی مرۆیی لێرەوە فۆرم و یەکەکانی دەخزێنێتە نێو کۆنتێکستی کارە هونەرییەکان و خۆی دیزاین و کۆنسێپتی نوێیان بە بەردا دەکات.
بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، چێوەی گشتیی توێژینەوەکەی پێک هێناوە و خۆی لە کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکەدا دەبینێتەوە کە ئاماژە بەو کاریگەرییانەی تەکنەلۆژیا دەکات لەسەر ژیان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕەوتی هونەر و دامەزراوەکاندا هێناویەتی، ئەم بەشە ڕۆڵ و ئامادەییی هونەر بەو شێوە تەقلیدە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە تایبەت لە نێو هونەرمەندانی کوردستاندا. سنووری توێژینەوەکە و ئامانج و گرنگی لە بەشی یەکەمدا خراوەتە ڕوو، کۆتاییی ئەم بەشە بە پێناسەی زاراوەکان دێت.
بەشی دووهەمی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە خستنەڕووی دیوی

تیۆریی ئەم بابەتە کە پشت بە لایەنی جێبەجێکاری دەبەستێت. بەشی سێهەمی توێژینەوەکە لایەنی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو کە بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) ئەنجام دراوە. نموونەکانیش بە پێ سنووری کات و سنووری شوێنی توێژینەوەکە ڕێکخراون، کە پێک هاتوون لە (٢) نموونە.

## ١. پێشەکی

دەکرێت لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگادا (مەبەست کۆمەڵگای کوردستانە) ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بین، بە جۆرێک درک بەو ڕاستییە بکەین کە تەکنەلۆجیای نوێ یارمەتیی هونەرمەندان دەدات لە بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانیاندا و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرئەنجامەکانیان هەبێت. بەرهەمی هونەری لە ڕووی مێژووییەوە و تا سەردەمێکی نزیک لە ئێستایش، بە شێوەیەکی گشتی داهێنان و بەدیهاتنە هونەرییەکانی لە ڕێگەی جووڵە فیزیکییەکانی هونەرمەندانەوە بووە، وەک نیگارکێشان بە ماتریاڵی هەمەجۆر: پەیکەرتاشی، نیگارکێشان، سیرامیک... هتد، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی پیشەسازی، سەرهەڵدانی یەکە دیجیتاڵییەکان گۆڕانکاری گەورەیان لەسەر ژیان و ڕەوتی هونەر بە شێوەیەکی گشتی دروست کرد، کە دووبارە بوونە هۆی دروستکردنی بیر و پێناسەی نوێ بۆ چەمکی هونەر و ئەرکەکانی لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و جیهانگیریدا.

## ٢. چێوەی گشتیی توێژینەوە

### ١.٢ کێشەی توێژینەوە:

داینامیکی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بە بەردەوام چەمکێکی جەوهەری بووە، هێزی تەکنەلۆژی و بەدیجیتاڵبوون لە ڕێگەی گۆڕینی شتەکان بۆ کەرەستە و ئامێر دەتوانێت ببێتە هێزی ڕزگارکەر، بەڵام لە ڕێگەی گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئامێر و وەدەرکەوتنی چەمکی دیجیتاڵی مرۆیی لە بەردەم ئەو ڕزگارییەدا بووەتە بەربەست، مەبەست لە مرۆڤێکە کە بۆ ئەنجامدانی جووڵە و پەیوەندی

و بگرە دەربڕینی بیروڕا و بەرهەمەکانی پەنا بۆ بەدیجاتاڵکردنیان دەبات و هەموو بەرهەمە بەڵگەییەکانی دەکاتە ئەو بۆشاییە تەرخانکراوەی خودی خۆی، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە دەستی هێناوە، هەر لەوێشەوە دووبارە هەوڵی پیشاندانی دەداتەوە. دەکرێت بڵێین کوردستانیش بەدەر نییە لە کاریگەربوون بەو گۆڕانکارییانەی کە لە جیهاندا لە بواری هونەریدا ئەگەر زۆر کتوپڕیش بن، ڕوو دەدەن. دەکرێت تەکنەلۆجیا لە چوارچێوەی کارکردندا سوودی داهێنەرانەی لێ وەربگیرێت یان خودی خۆی ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەبێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانەی کە بەدیجیتاڵبوونی شتەکان خودی دیجیتاڵی مرۆیی لەسەر هونەری شێوەکاریی هاوچەرخ دروستی دەکەن، بە دڵنیاییەوە پێوستی بە توێژینەوەیەکە تاکوو بتوانرێت کۆنترۆڵی ئەو ئاستەنگانە بکرێت و لێکدانەوە و خوێندنەوەی دروست بۆ دەرئەنجامەکەی بکرێت. -دەتوانین دەستنیشانی کێشەی توێژینەوەکە و میتۆدەکەی بکەین لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی زانستییانەی ئەو پرسیارانەی لای خوارەوە خراونەتە ڕوو.

١. ئایا دیجیتاڵی مرۆیی وەک شێوازێکی نوێ بۆ کارکردن و بەرهەمهێنانی کاری هونەری هیچ فاکتەرێکی کاریگەری بۆ گەشەکردنی هونەری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە؟
٢. ئایا دیجیتاڵی مرۆیی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ بۆ پسپۆڕی و بەشەکانی لقی زانستە مرۆییەکان بە تایبەت لە هونەری شێوەکاریی هاوچەرخ، کە میدیای نوێ ناوەندێکی سەرەکییە لە کۆنتێکستی کارکردنی هونەرمەندانی هاوچەرخ؟

## ٢.٢ گرنگیی توێژینەوە:

گرنگی و تایبەتمەندیی ئەم توێژینەوەیە و پرسیارە بنەڕەتییەکانی لە دیجیتاڵی مرۆیی ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت کۆمەڵە داتاکانی زانستە مرۆییەکان بە شێوەیەکی دیجیتاڵی و لە ڕێگەی میدیای نوێی تۆمار بکرێن، بە شێوەیەک کە مرۆڤ بە هۆی ئامێرەکانی دیجیتاڵ بتوانێت بەشداری لە پرۆسێسی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووری بکات، هەروەها سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و جیهانی دیجیتاڵی بۆ هەمان مەبەست. ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ڕۆڵێکی بەدواداچوون و گەڕانە بە شوێن گرنگیی ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسێسی بەرهەمهێنانی کاری هونەری لە قۆناغی هاوچەرخ، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ٢. ٣ ئامانجی توێژینەوە:

١. دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەریی دیجیتاڵی مرۆیی وەک ناوەندێک بۆ دەربڕین لە هونەری شێوەکاریدا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
٢. دەرخستنی ڕۆڵی دیجیتاڵ بە تایبەت ناوەندەکانی نیو-میدیا و سۆشیال-میدیا بۆ خێراکردنی پرۆسەکانی: بەرهەمهێنان، نمایشکردن، فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی کاری هونەری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ٢. ٤ سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەتی: کارە هونەرییە هاوچەرخەکان کە دەرئەنجامی میدیای نوێن بە تایبەت ناوەندەکانی دیجیتاڵ.
سنووری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی بە تایبەت وەک پایتەختی ڕۆشنبیری و شارێکی کولتووری
سنووری کات: ٢٠٠١- ٢٠٢١

## ٢.٥ شیکردنەوەی زاراوەکان:

### ٢. ٥. ١. شیکردنەوەی زاراوەی: دیجیتاڵ (Digital)

وشەیەکی لاتینییە کە وەک بنەڕەت بە مانای پەنجە دێت، ئەمەیش سەرچاوە دەگرێت لەوەی کە هەمیشە لە ڕێگەی پەنجەوە هەژماردن ئەنجام دراوە، بە سیستەمێک دەگوترێت کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یان هەر ئامێرێکی کارەبای تر بەکار دێت، کە زانیاری لە فۆڕمی ئیلیکترۆنیدا وەک زنجیرەی ١ و سفر دەنێرێت و وەردەگرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢. ٥. ٢ شیکردنەوەی جێبەجێکاری: دیجیتاڵ (Digital)**

دیجیتاڵ یان بەدیجیتاڵکردن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی کارێک، پرۆسەیەک، پیشەیەک، لە هەموو بوارەکاندا، لە قۆناغی تەقلیدییەوە بۆ قۆناغی سەردەمی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ، لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیجیتاڵەوە، تا لەم ڕێگایەوە بە شێوەیەکی کاریگەرتر بتوانرێت کارەکان بەڕێوە ببرێن.

**٢. ٥. ٣ شیکردنەوەی چەمکی: مرۆیی (Humanities)**

بۆ شیکردنەوەی چەمکی مرۆیی پێویستە ئاماژە بە هیومانیزمەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری (ڕێنساس) بدەین، کە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بوو بە ئارەزوویەکی زۆرەوە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدا و خوێندنەوەکانیان تەنها لە بواری ئایین نەبوو، بەڵکوو لەبەر ڕۆشنایی چەمکی (چۆن مرۆڤ دەبێت) کاریان دەکرد. (مارک، ٢٠٢٠، لا٢)

**٢. ٥. ٤ شیکردنەوەی جێبەجێکاری: مرۆیی (Humanities)**

دەکرێت بڵێین ئەو پانتاییەیەی خوێندنە کە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و ڕامانە لە جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگام کە بوارە سەرەکییەکانی مێژوو، زمان، فەلسەفە لە خۆ دەگرێت و تێیدا چەند میتۆدێکی ڕەخنەی بەکار دێت بۆ یارمەتیدانیان لە تێگەیشتن لە: ئەدەب، هونەر، ڕابردوو هەروەها ڕەوشت و کولتوور و بەهاکانی مرۆڤ). لەم دیسپلینانەدا خوێندکاران لە خودی مرۆڤ دەکۆڵنەوە لەبەر ئەم هۆکارەشە بە زانستە مرۆییەکان ناو دەبرێت.

**٢. ٥. ٦ شیکردنەوەی چەمکی: دیجیتاڵی مرۆیی (Digital humanities)**

بوارێکی ئەکادیمییە و پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئامراز و میتۆدی ژمێریاری بۆ کاراکردنی بەشەکانی نێو زانستە مرۆییەکان لە نێو دنیای دیجیتاڵدا، کارکردنە بۆ پەرەپێدانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان و دروستکردنی ئەرشیف بۆ دەق و کارە هونەرییەکان. لێرەوە لێکۆڵینەوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکردنەوە و لێکدانەوە و بگرە نمایشی زانیارییەکانیش بە شێوەی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی دەبن.

**٧ .٥ .٢ شیکردنەوەی جێبەجێکاری: دیجیتاڵی مرۆیی (Digital humanities)**

دیجیتاڵی مرۆیی لێکۆڵینەوەیە لە ئێمەی مرۆڤ و لە هەوڵی پێناسەکردنی مرۆڤدایە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیاری (مرۆڤ چییە؟). ئەویش بە هۆی هونەرەوە بێت یان هەر بەشێک لە نێو زانستە مرۆییەکاندا. هەوڵ دەدات تەواوی زانیاریی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان بە دیجیتاڵ بکات کە بەرهەمی مرۆڤن، ئەمەیش کاریگەریی گەورەی لەسەر توانای ئەنجامدانی توێژینەوە لە هونەر و زانستە مرۆییەکاندا هەبووە و هەیە.

## ٣. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

### ١.٣ مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیجیتاڵی مرۆیی:

ڕەگوڕیشەی کاری کۆمپیوتەری لە بواری مرۆڤایەتیدا بۆ ساڵی ١٩٤٩ دەگەڕێتەوە، کاتێک زانا (ڕۆبێرتۆ بوسا) کە بە هاوکاریی لەگەڵ کۆمپانیای (IBM) کاری دەکرد، دەستی بە دروستکردنی ڕێبازی بەئۆتۆماتیکیکردن کرد بۆ ئیندێکسی فراوانی (تۆمیستیکۆس) کە هاوئاهەنگییەکی کۆمپیوتەر بوو لەگەڵ نووسینەکانی (تۆماس ئاکویناس)، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی سەرەتایی چەند یەکەیەکی کۆمپیۆتەر بوو بۆ بەئۆتۆماتیککردنی ئەرکەکانی وەک: گەڕان بە دوای وشە، ڕیزکردن، ژماردن و لیستکردن.

زانستە مرۆییە دیجیتاڵییەکان ئاماژە بە شێوازە نوێیەکانی یەکە زانستی و دامەزراوەییەکان دەکەن بۆ: توێژینەوە، فێرکردن و بڵاوکردنەوە. دەکرێت بڵێین (ئامراز و تەکنیک و میدیای دیجیتاڵی) چەمکە تەقلیدییەکانی زانینیان لە نێو کایەی هونەر و زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا فراوانتر کرد، بەڵام زانستە مرۆییە دیجیتاڵییەکان تەنیا "پەیوەندیی بە" دیجیتاڵەوە نییە، بەڵکو زانستە مرۆییە دیجیتاڵییەکان بەو دەرفەت و ئاڵنگارییانە پێناسە دەکرێن کە لە لکاندنی زاراوەی دیجیتاڵی لەگەڵ زاراوەی زانستە مرۆییەکانەوە بۆ پێشکەشکردنی تاکێکی نوێی بە کۆمەڵ سەرهەڵدەدەن. (بۆردێک، ٢٠١٢، لا١٢٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-٢ میدیا لە سەدەی بیست دا (Media in 20th century):

سەدەی بیستەم گەشەسەندنی ڕاستەقینەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و لەدایکبوونی کەیبڵ و مانگی دەستکرد بوو، سەرەتا ڕادیۆ بە کەمترین گۆڕانکاری بۆ تەلەفزیۆن گواسترایەوە. تەلەفزیۆن ڕۆژنامەکانی وەک زۆرترین سەرچاوەی زانیاری ئاوارە کرد و ڕۆڵی ڕادیۆی وەک میدیای جەماوەریی پەسەندکراو تا ڕادەیەک لاواز کرد. لە نێو سەدەی بیست هونەر پانتاییەکی گرنگی ئەم سەدەیە داگیر دەکات و وەک پاڵنەرێکی کاریگەر کار بۆ ئاراستەکردنی پێشکەوتنەکان دەکات و خۆی بە بەشێک لەو پێشکەوتنانەیش دەزانێت. یەکێک لە تێڕوانینە تایبەتمەندەکانی هونەری سەدەی بیستەم مەیلی بەردەوامی بوو بۆ پرسیارکردن لە نەریتی درێژخایەنی نیگارکێشان وەک میدییەمێکی باو بۆ دەربڕین. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا کارکردنەکانی (براک و پیکاسۆ) بوو بۆ جێگیرکردنی ئەو ماددانەی کە ڕۆژانە لە چواردەورماندان لە نێو تابلۆکانیاندا، دوا ئاڤانگاردی سەدەی بیستەم ئەو هونەرە بوو کە بە شۆڕشی سەدەیەک ناو دەبرێت، ئەویش شۆڕشی تەکنەلۆژیایە کە لە لایەن داهێنانەکانی دەرەوەی جیهانی هونەرەوە دەستی پێ کرد، (هونەر لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا) کە کۆمەڵێک پراکتیک لە خۆ دەگرێت لە فۆتۆگرافییەوە تا فیلم تا ڤیدیۆ و تا واقیعی مەجازی و زۆر شتی تر. تەکنەلۆژیا هونەری ئاراستە کردوە بۆ ئەو بوارانەی کە سەردەمانێک ئەندازیار و تەکنیکاران تێیدا باڵادەست بوون. (روش، ٢٠٠٤، لا٧-٨)

### ٣- ٣ نیو-میدیا و ئینتەرنێت:

هونەر لە نێو ئینتەرنێت یان بە دەربڕینێکی تر ڕۆڵی ئینتەرنێت لە نێو هونەر پانتاییەکی یەکجار فراوانە کە بە نێت ئارت دەست پێ دەکات و دەتوانین بڵێین یەکێکە لە دەگمەنترین بوارەکانی هونەری دیجیتاڵی. ئەو کارە هونەرییانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە ئینتەرنێتدا دەدۆزرێنەوە یان تەنیا بۆی دروست کراون، لەوانەیە تابلۆی دیجیتاڵی بن کە لە گەلەرییە ئۆنلاینەکانی ماڵپەڕی هونەرمەندان دەفرۆشرێن، ئینتەرنێت وەک کەناڵی دابەشکردن کاری بۆ دەکات و تەنها ئەو کارانەن کە تایبەت بۆ ئەم میدیایە دروست کراون. هونەری نێت فۆرمێکی نوێیە لە هونەری سیاسی و ڕەخنەیی. ڕەنگدانەوەی بابەت و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێمەیە و بەچڕی خۆی بە گۆڕانی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانمانەوە سەرقاڵ دەکات. ئەگەر ئەمڕۆیش شتێکی وەک ئاڤانگارد لە دیمەنی هونەردا هەبێت، ئەوا لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەدا دەبێت کە زۆر جار لە تەمەنیاندا گەنجن و بە زیرەکی و خولیای ئەزموونکردنەوە ڕووبەڕووی بابەتەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە دەبنەوە. دوای پەرەسەندنی WWW لە ساڵی 1994، هونەرمەندەکانی میدیا هەر زوو تێگەیشتن کە دەتوانن ئەم سیستەمە بۆ دامەزراندنی فۆڕمی نوێی هونەر بەکار بهێنن. ئەوان دەیانتوانی بەرهەمەکانیان بخەنە بەردەستی خەڵکانێکی فراوان، لە دەرەوەی دەسەڵاتدارانی بازاڕی هونەریی باو وەک مۆزەخانە و گەلەرییەکان. ساڵی ١٩٩٥ یەکەم بەرهەمی هونەری لەم بوارەدا بە بێ سنووردارکردنی بازرگانیی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بەرهەم هێنرا. (واڵف، ٢٠١٠، ل١٤٤)

## ٣-٤ میدیا لە سەدەی بیستویەکدا (میدییای نوێ):

دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەم لە ڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر پیشەسازییەکانی میدیا و پەرەسەندنی پەیوەندییەکان ناوازە بوو، لەگەڵ هێنانەکایەی تەکنەلۆژیای یەکانگیر کە بەو مانایەی هەموو جیهان دەکاتە نێو بازنەیەکی پەیوەندییەوە وەک سەرهەڵدانی "مۆبایلی زیرەک" و چەندین پلاتفۆڕمی دیجیتاڵی، میدیا و پەیوەندییەکان و پیشەسازییەکان تەنیا لە پرۆسەی گۆڕینی خۆیاندا نین، بەڵکوو بە هۆی زۆر هۆکاری دەرەکییەوە دەگۆڕدرێن. (ئەلبا ڕان، ٢٠٠٩. ل٤٠) لەوانەیە زاراوەی "میدیای نوێ" هەندێک جار بە ناوی "میدیای سەرهەڵدراو" ناو ببرێت، یان ڕەنگە بە ناوی "تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی" ناو ببرێتم هەر ناوێکی لێ بنێیت، تەنها ئەوە گرنگە کە میدیای نوێ لە هەموو شوێنێکە.

سەرەتای سەدەی بیستویەکەم سەردەمێکی گۆڕانکاریی گەورەیە لە جیهاندا، لە بواری کاتبەسەربردندا زیاتر و زیاتر فیلم دروست دەکرێن کە بە تەواوی بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئەنیمەیشن دەکرێن، یارییە ڤیدیۆییەکان بە گرافیکی زۆر وردەکارییەوە ملیۆنان نوسخەیان لێ دەفرۆشرێن و کاریگەرییە تایبەتە دیجیتاڵییە سەرنجڕاکێشەکان زیاتر ڕێگەی خۆیان دەگرنە بەر بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەرنامە و فیلمە تەلەفزیۆنییەکان. لە بواری بازرگانیدا کۆمپانیاکان بەرەو پلانی بازرگانیی ئۆنلاین دەڕۆن، ناوەڕۆک و بەرهەم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەش دەکەن. بە هۆی ئینتەرنێتەوە، بەکارهێنەران بژاردەی زیاتریان هەیە لە جاران کاتێک باس لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چی بکڕن و لە کوێ بیکڕن، لە کاتێکدا ڕێکلامکەران زیاتر کار بۆ گەیشتن بە گروپە بچووکەکانی بەکارهێنەران بە شێوەی ئۆنلاین دەکەن. تا دێت خەڵک زانیاریی لەسەر ڕووداوەکانی ئێستا، کاتبەسەربردن، وەرزش و چەندین بابەتی تر بە شێوەی ئۆنلاین وەردەگرن. لە هەر یەکێک لەم حاڵەتانەدا هونەرمەندان بە زەحمەت کار بۆ دروستکردنی ناوەڕۆکی بینراوی سەرنجڕاکێش، سەرسوڕهێنەر، سەرنجڕاکێش بۆ ڕاکێشانی بینەران دەکەن. (فلاس، ٢٠١١، لا١٠)

### ٣-٥ ئەنیمەیشن (Animation):

ئەنیمەیشن بریتییە لە پرۆسەی دانانی وێنەکان لە جووڵەدا، کە دەتوانێت ڕەندەری وێنەکان بۆ سێ ڕەهەندیش لە خۆ بگرێت. بەدیهێنانی ئەنیمەیشنەکان بە درێژاییی مێژوو پرۆسەیەکی کاتبەفیڕۆدان و قورس بووە. تەنانەت ئەو هەوڵەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشنی سێڕەهەندیی ئاڵۆز، ناوی لێ نراوە 'فیلمی یەک چوارچێوە'، ئەنیمەیشنیش وەک تەلەفزیۆن لەسەر سنووری کاتبەسەربردن و هونەر دادەنیشێت، بەڵام بە پێچەوانەی هونەری ڤیدیۆییەوە، پەیوەندیی بەردەوامی تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەنیمەیشن بووە هۆی بەناوبانگبوونی ئەنیمێ و کارتۆنەکان، کە تێیدا کارلێکی نێوان وێنەکێشان و ڤیدیۆ پەرەی پێ درا و وردتر کاری لەسەر کرا.

زۆرێک لە بەرهەمهێنەری ئەنیمەیشنەکان ئەندازیاری نەرمەکاڵا بوون، سنوورەکانی بەرنامەسازییان بە بەخشینی ژیان بە وێنە وەستاوەکان و وێنەکێشراوەکان تاقی کردووەتەوە. پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئەنیمەیشندا بووە دروستکردنی وێنەی جووڵاوی سێڕەهەندی، لە وێنەکێشانی دووڕەهەندییەوە. پرۆگرامەر و هونەرمەندی ئەمریکی (ئەی مایکل نۆڵ) یەکێکە لە سەرەتاییترین پێشەنگەکان کە کۆمپیوتەرێکی دیجیتاڵیی بۆ دروستکردنی نەخش و ئەنیمەیشن بەکار هێناوە تەنها بۆ بەهای هونەری و جوانکارییان. بالێی دروستکراوی کۆمپیوتەر (١٩٦٥) بۆ دروستکردنی سێڕەهەندی ستێریۆگرافی (بە بەکارهێنانی دوو شاشە) و دووڕەهەندی بە بەکارهێنانی (دوو شاشە) لە فیگەرە دارەکانی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر شانۆیەک دەجووڵان، ڕەندەر کرا. مرۆڤ و جیهانەکەی (١٩٦٥) ئەنیمەیشنێکی سەرەتایی بوو کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دروست کرابوو کە لە تاقیگەی (بێڵ) لە لایەن هونەرمەندی ئەمریکی (ستان ڤاندەربیکەوە) دروست کرا. ڕۆڵی بەرچاوی دامەزراوەکانی وەک بێڵ لابس و وۆرکشۆپەکانی ئای بی ئێم لە ئەمریکا لە ساڵانی شەست و حەفتاکان ناتوانرێت کەم بکرێتەوە، کە هاوبەشی پرۆگرامەران لەگەڵ هونەرمەندان ڕێبازەکانی چالاک کرد کە کێشە بیرکارییەکانی پشت کارەکانی کۆمپیوتەر بۆ زۆرێک لە هونەرمەندانیان دەمامک کرد (هۆپ، ریان، ٢٠١٤، لا٧٢-٧٣)

**(3D)** ڕۆڵێکی گرنگی لە هونەری دیجیتاڵیدا هەیە، چونکە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی فەزای مەجازی و ئەنیمەیشن لەسەر کۆمپیوتەر بەکار بهێنرێت، دەتوانرێت بەسەر ئەنیمەیشن و وێنەگرتنی مەجازیی فەزای سێڕەهەندی دابەش بکرێت، بە پێچەوانەی کۆلاجی مەجازییەوە، پرۆسەی هونەری لە کاتی دروستکردنی دامەزراندنێکی سێڕەهەندیدا بە شاشەیەکی بەتاڵی کۆمپیوتەر دەست پێ دەکات، پاشان لە ڕێگەی بەکارهێنانی نەرمەکاڵای بازرگانیی سێڕەهەندی و بەرنامەی ڕەندەرکردن کارەکە بەرهەم دێت، بەڵام بە بێ بەکارهێنانی ڕاستەقینەی کامێرا، وێنەی دروستکراوی دیجیتاڵی بەرهەم دەهێنرێت، بێگومان هەندێک فۆڕمی تێکەڵاو هەن، کە وێنەی مەجازی و ڕاستەقینە تێیاندا بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئەوان جێگەی سەرنجی ئەم بابەتە نین.

زاراوەی "ئەنیمەیشن" لە وشەی لاتینیی (animate) وەرگیراوە کە بە واتای "زیندووهێنانەوە" دێت. بەم تەکنیکە، بینەر کاتێک سەیری وێنەیەکی ئەنیمەیشن دەکات، بە پیشاندانی تاکە چوارچێوەی یەک لە دوای یەک بە شێوەیەکی زۆر خێرا دەبێت. ئەم چوارچێوانە دەتوانرێت بە دەست بکێشرێن یان لەسەر کۆمپیوتەر دروست بکرێن. ئەگەر زنجیرەیەکی لەو شێوەیە بە نزیکەی بیستوپێنج فرێم لە چرکەیەکدا یاریی پێ بکەیت، ئەوا بینەر کاریگەریی جووڵەی نزیکەی لەسەر دەبێت، بۆیە فیلمێکی نەوەد خولەکی لە نزیکەی ١٠٠ هەزار فرێم پێک دێت. یەکێک لە سەرەتاییترین ئەنیمەیشنەکان لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هێنراوە کە فڕینی باڵندەیەکی کۆتر نیشان دەدات لە لایەن چارلز سوری لە ئەمریکا، زیاتر لە ٣٠ هەزار چاپی پلۆتێر بە یەکەوە بەستران، بۆ ئەوەی فیلمی دە خولەکی پێک بهێنن. ئەنیمەیشنێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووڕوویی بوو کە مێژووی تۆمار کرد. ئەنیمەیشنێکی تری مێژوویی فیلمی (Flexiped) بوو کە فیلمێکی ئەنیمەیشنی گاڵتەجاڕانە بوو دەربارەی بوونەوەرێکی هاوشێوەی سەدپێ کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە لایەن هونەرمەندی بەریتانی (تۆنی پریتچێتەوە) بە یارمەتیی زانکۆی لەندەن دروست کرا.

هەروەها فیلمی (هایپەر کیوب)ـی مایکل نۆڵ لە ساڵی ١٩٦٥ یەکێک بوو لە یەکەم ئەنیمەیشنەکان. لە ژاپۆنیش (یۆچیرۆ کاواگوچی) بوو کە لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکەم ئەنیمەیشنەکانی پەرە پێ دا. سەرەتا بە شێوەی دووڕەهەندی بەرهەمیان هێنا، بەڵام زۆری نەخایاند بۆ دروستکردنی یەکەم ئەنیمەیشنە سێڕەهەندییەکانی پەڕییەوە. بەرهەمەکانی کاواگوچی زۆر ڕەنگاوڕەنگن. لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی ڕژاو و ڕەنگە درەوشاوەکانەوە، ئەنیمەیشنەکانی جۆرێک لە ڕاکێشان دروست دەکەن کە قورسە لێی ڕزگارت بێت. لە میانی وتارێکدا لە گۆڤاری ( Hochschule für Film und Fernsehen Konrad Wolf) لە شاری پۆتسدام-بابێلسبێرگ، پرسیار لە کاواگوچی کرا سەبارەت بە هۆکاری جوانکاریی ڕەنگەکانی. لە وەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد، کە لە دوورگەیەکی ژاپۆن گەورە بووە و زۆر جار لەوێ دەچووە نێو ئاو و خۆی نقوم دەکرد و ئەو شتانەی کە لە بەرهەمەکانیدا هەبوون، لەوێ بینیونی و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەریان هەبووە. (والف، ٢٠١٠، ل٧٢-٧٤)

**٣-٦ ماس میدیا (mass media):**

ماس میدیا ئاماژەیە بۆ ئەو (تەکنەلۆژیایانەی میدیا) کە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ ئامادەبووانێکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێن. ئەرکی سەرەکیی ماس میدیا بریتییە لە گەیاندنی پەیامی جۆراوجۆر لە ڕێگەی یەکەکانی بڵاوکردنەوەوە، نموونەی بەدەستهێنانی فیلمە دڵخوازەکانت لە خزمەتگوزارییەکانی وەک: نێتفلێکس، ئەمازۆن، پرایم ڤیدیۆ، هەواڵەکان و بابەتەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، کە وا دەکەن ماس میدیا ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەمان.

کۆمپانیاکان، ماراسۆنێکی بێکۆتایی بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن بە یارمەتیی ماس میدیا بەڕێوە دەبەن. براندەکان میدیای دیجیتاڵی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئامانجەکانیان و شیکردنەوە

بۆیان بەکار دەهێنن. خاوەنکارەکان پلاتفۆڕمی جۆراوجۆر بۆ گەیاندنی وێنەی کۆمپانیایەک و دروستکردنی ناوبانگێکی باش لەبەرچاو دەگرن. لە ڕێگەی ماس میدیاوە، براندەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر، کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بەرز بکەنەوە، بگەنە بینەرێکی فراوانتر و قەبارەی فرۆشتن زیاد بکەن. ماس میدیا بە شێوەی نووسراو، قسەکردن، یان پەخش، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر جەماوەر هەیە. ڕیکلامەکان لە تیڤی و تابلۆی بازرگانی و پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا ڕێگە بە براندەکان دەدەن باشتر بگەنە ئامانج. کۆمپانیاکان بە دوای کاریگەرترین ڕێگاکاندا دەگەڕێن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان کاتێک باس لە بە براندکردن دەکرێت، لەوانە: سایت و کەناڵەکانی سۆشیال میدیا و بلۆگ و مەکۆکان. کاتێک دەرچەیەکی گونجاوی ماس میدیا بۆ کارەکانیان دەدۆزنەوە، دەتوانن بیرۆکەکانیان بگەیەنن و هەڵمەتی براندکردن ئەنجام بدەن. ماس میدیا لە سەدەی بیستەم هونەرە جوانەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار هێنا وەک بابەتێک یان سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی ستایلی نوێ و داهێنان. بەپێی بەشی کۆتایی کتێبی (ڕێگاکانی بینین)ـی جۆن بێرگەر (١٩٧٢) وێنەگرتنی ڕەنگاوڕەنگ وەک میدیای سەرەکیی بینراو، جێگەی نیگارکێشانی زەیتیی گرتوەتەوە.

مێژووی پیشەسازی و بازرگانیی مۆدێرن هاوشێوەی مێژووی هونەری ئاڤانگارد بە داهێنانی بەردەوام و کێبڕکێی نێوان گروپە ڕکابەرەکان تایبەتمەندە. تاقیکردنەوە و داهێنان لە لایەن زانا و ئەندازیارانەوە بووەتە هۆی دروستبوونی تەکنەلۆژیای میدیایی نوێ وەک: فۆتۆگرافی، سینەما، تۆمارکردنی ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر... هتد، کە لە بەرامبەردا بووەتە هۆی دروستبوونی پیشەسازییە زەبەلاحەکانی نوێی بەرهەمهێنان و کاتبەسەربردن و بەرهەمهێنانێکی بە کۆمەڵ کە ملیاران کەس چێژیان لێ وەرگرتوە. سەرەتا دەگمەنی و تێچووی زۆری تەکنەلۆژیای میدیای نوێ بەو مانایە بوو کە لە ڕێکخراوە دەوڵەمەندەکان و بەرهەمهێنەرانی پسپۆڕ و پیشەییدا قەتیس بووبوون، بەڵام دوای ماوەیەک ئامێرەکانی وەک و کامێرا و کۆمپیوتەر لە بازاڕدا بۆ هەموان دەرکەوتن. ئەم پێشهاتانە وایان کرد ملیۆنان کەس کە داهاتی مامناوەندییان هەبوو وێنەی خۆیان دروست بکەن و چێژ وەربگرن، بتوانن ببنە بەرهەمهێنەری کولتووری.

کارلێکەکانی نێوان هونەرە جوانەکان و میدیای گشتی تا ئەو کاتەی هەردووکیان لە ژیاندا بمێننەوە بەردەوام دەبن، بەڵام ڕوونە کە هونەرمەندان بە چەندین شێوە میدیای گشتییان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکار هێناوە، هەروەها هەندێک لە هونەرمەندان تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیی تەکنەلۆژی بەکار دەهێنن کە پەیوەندییان بە میدیای گشتییەوە هەیە بۆ ئەوەی بگەنە ئاستێکی فراوانتر لە نێو کۆمەڵگا و گەورەتر ببن. دەکرێت بگوترێت، هیچ ڕێگەیەک نییە، هونەرەکانی مۆزەخانە بتوانن ڕکابەریی بازرگانییەکانی جیهانی بکەن. لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوان هونەری نیگارکێشان و میدیای گەورەدا، نیگارکێشی ناتوانێت سەر بکەوێت لە ڕووی تایبەتمەندییەوە چونکە ئەگەر تابلۆی بچووکی زەیتی لەسەر کانڤاسی لە مێشکدا بێت، بەڵام دیوارێکی گەورە لە شەقامەکەدا دەتوانێت زیاتر لە چانسێک بەدەست بهێت بۆ بینین. هونەری جوان دەتوانێت بەرامبەر میدیای گشتی بوەستێتەوە کاتێک ئامادەیە هەمان فۆڕم و شێوازەکانی میدییای گشتی بەکار بهێنێت، بەڵام توانای هونەر بۆ گەیشتن و کاریگەریی لەسەر خەڵک ڕەنگە زۆر کەمتر بێت لە میدیای گشتی، بەڵام ئەو سەربەخۆیییە ڕەخنەگرانەیەی کە هونەرمەندان لە ڕووی سیاسییەوە دەری دەخەن، بەهایەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی هەیە.

ئەو هونەرمەندانەی، تاکە بواری کارکردنیان جیهانی هونەرە، کەمتر توانای ئەوەیان هەیە کاریگەریی کۆمەڵایەتی دروست بکەن بە بەراورد بەوانەی کە دزە دەکەنە ناو میدیای گشتی. دیسانەوە نموونەی زۆر لە هونەرمەندان بوونی هەیە کە پێیان لە هەردوو کەمپەکەدا بە گرنگ دەزانن وەک نمایشکردن لە گەلەرییەکان و لە هەمان کاتدا بەشدارن لە ئەنجامدانی پرۆژەی گشتیدا. (واڵکەر، ٢٠١٨، لا٣٨-٧٨)

### ٣-٧ کولتوور و میدیا (culture and media):

ئەمڕۆ ئینتەرنێت بەربەستەکانی پەیوەندیی نێوان کولتوورەکانی بە شێوەیەک شکاندوە کە لە نەوەکانی پێشوودا خەونی پێوە دەبینرا. ئێستا هەر خزمەتگوزارییەکی هەواڵ، ڕووداو و زانیاری لە سەرانسەری جیهان دەتوانرێت لە ئینتەرنێتدا و بە شێوەیەکی خێرا دەستت پێ بگات و بەو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرانەی وەرگێڕان بەردەستن (وەک بابێلفیش و وەرگێڕانی گوگڵ) تا ڕادەیەک دەتوانرێت تێگەیشتن دروست بکات و لە بابەتەکە بگەیت. جگە لە بڵاوبوونەوەی کولتووری وڵاتانی گەورە وەک ئەمریکا بە نموونە لە سەرانسەری جیهاندا، ئێستا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وڵاتە بچووکەکانیش دەتوانن بە هەرزانترین شێوە بە کاتێکی خێرا کولتوور و هەواڵ و لایەنە تەرفیهی و تەنانەت پڕوپاگەندەکانیش هەناردە بکەن.

زیادبوونی هەژموونی جیهانگیری بە درێژایی سەدەی ڕابردوو هێزێکی ئابووریی گەورە لە پشت هەنگاوەکانی بووە، بەڵام جیهانگیری لە ناوەڕۆکدا دانانی بەربەستە ئابووری و کولتوورییەکانە لە بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا. جیهانگیری لە بواری ڕۆشنبیری و کولتووردا دەتوانێت لە شێوەی دەستڕاگەیشتن بە ڕۆژنامە بیانییەکان بە بێ ئەوەی زەحمەتی دەستەبەرکردنی نوسخەیەکی چاپکراو هەبێت، یان بە پێچەوانەوە توانای ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی داخراودا دەژین بۆ گەیاندنی ئەزموونەکان بە جیهانی دەرەوە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک ئاسان و هەرزان. (ماکفادین، ٢٠١٠، ل٤٩٧)

**٣-٨ پوختەیەکی مێژوویی سەبارەت بە هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا:**

هونەری شێوەکاری لە کوردستان تازەیە و مێژووەکەی بۆ سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم ناوچەیەی کە کورد تێیدا نیشتەجێ بووە، وەک جوگرافیا لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی (میزۆپۆتامیا)دا بەشێک بووە لە مێژووە گەورەکەی شارستانیی میزۆپۆتامیا لە هەموو سەردەمەکانیدا. (داراغا، ٢٠١٠، ل٣)

لە ساڵەکانی ١٩٥٢ بەو لاوە هونەرمەندانی نیگارکێشی کورد، بە تایبەتی لە هەولێر و سلێمانییەوە دەچنە بەغداد و بە شێوەیەکی ئەکادیمی هونەری نیگارکێشی دەخوێنن. عەزیز سەلیم یەکێکە لەو هونەرمەندە پێشەنگانەی نێو هونەری کوردستانی باشوور کە یەکەمین پێشەنگای تایبەتی خۆی لە قەبرستانی شێخ جەعفەر کردوەتەوە، لەبەر ئەوەی نەیانهێشتوە لە قوتابخانە و هۆڵەکاندا بیکاتەوە، کە بریتی بوون لە ١٢ تابلۆ کە بە قەدی کێلەکانەوە هەڵی پەساردبوون، کە لە دواییدا تابلۆکانی لە لایەن خەڵکییەوە دڕێنرابوون و خۆیشیان بەردباران کردبوو. لە هەولێر لەو سەردەمەدا (لیجنەی فەن و تەمسیل) هەبووە، ئەم لیژنەیە لە کۆتاییی بیستەکاندا و سەرەتای سییەکاندا گەشەی سەند. لە هەمان کاتدا. ئەم لیژنەیە لە (١٩٣٢-١٩٣٣) دا لە سانەویی هەولێر توانیی بۆ خۆی ژوورێک تەرخان بکات و مەرسەمێکی قشت (ستۆدیۆی نیگار دروستکردن) بۆ یەکەمین جار لە شاری هەولێر دابمەزرێنێت. حەسەن فەلاح لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە(٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەزیز سەلیم، لە سلێمانی لەسەر دیواری قاوەخانەکانی ئەسحابەسپی (لە جادەی کاوەی ئێستا) تابلۆ و پۆرترەت دروست دەکەن. عادەتەن لە چایخانەی ڕەشۆڵ بە یەک دەگەیشتن، دەستی ئەو گەنجانەیان گرتووە کە هەوڵی ڕەسمکردنیان داوە. دانیاڵ قەساب لە هەولێر لەسەر زمانی جابیر پیرداوەدەوە: لای سینەما سەلاحەدین، گەلەرییەکی نیگارکێشی دەکاتەوە و ئەمەیش دەبێتە دووەم مەرسەم لە هەولێر. لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٤ حسێن حوزنی موکریانی. لە چاپخانەی زاری کرمانجی (زنجیرەی ژمارە ٢٠) لە ڕەواندز یەکەم کتێبی سەبەخۆی بە زمانی کوردی لە بارەی هونەری گراڤوور و ڕەسمکردن و وێنەگەری بە ناونیشانی (وێنەگری و کۆڵین) بڵاو کردوە.

کتێبەکە، وێنەیەکی فۆتۆگرافی نووسەر و (٢٥) تابلۆی هێڵکاری تێدایە کا ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گرافوور و زەنگۆگرافی و فۆتۆگرافی پیشان دەدات، کە تابلۆکان دەستکردنی حسێن حوزنی خۆین. (پیربال، ٢٠٠٦، لا٦٦-٧٢)

کاریگەریی هونەرمەندانی ئەم سەردەمە جگە لە مامۆستا (حسێن حوزنی) زیاتر لەسەر خودی هونەرمەندەکان خۆیان بووە. ئەم کاریگەرییە نەگەیشتە ئەوەی گۆڕان و وەرچەرخانی دیار و ئاشکرا لە ڕەوتی کارکردنی هونەری گشتیدا دروست بکەن، تەنانەت بەرئەنجامێکی وەها بەسەر هونەرمەندێکی وەک (عەزیز سەلیم) دا پیادە نابێت، کە دەبینین ئەو دوای بینینی خۆرئاوا و گەڕانەوەی دەڵێت "جیاوازی لە نێوان من و هونەرمەندێکی هەڵگری ڕێچکەی کلاسیکی ئەوروپی لەوەدایە کە من بە شێوازی سەرەتایی و خۆرەسیی خۆم کارم کردوە، لەو سەرەتایی و خۆرەسییەی خۆمدا داهێنانم کردوە. هەروەک (گۆگان و ڕۆسۆ) کردوویانە، بەڵام هونەرمەندانێک کە پەیڕەویی هونەری ئەکادیمی دەکەن، لاساییکەرەوەن و جانتای کەسانی تریان هەڵگرتوە، بەڵام من جانتای تایبەتی خۆمم هەڵگرتوە". پاشان ئەو هونەرمەندانەی لە ساڵانی هەشتا و ساڵانی نەوەتدا (دوای ڕاپەرین) بە هۆکاری جەنگی عێراقی –ئێرانی و جەنگی یەکەمی کەنداو و شێوانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، ڕوویان کردە هەندەران، بەرئەنجامی کرانەوەیەکی ڕێژەییی کوردستان لەسەر دنیای دەرەوە هاوشان ئاسانبوونی گەڕانەوە و هاتوچۆکردنی هونەرمەندانی کورد لە هەندەران، دواتریش کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و بەهێزەکانی ئامێری سەتەلایت و ئەنتەرنێت، لەسەر ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوارە وای کرد، بزاڤی هونەری لە کوردستان ڕاستەوخۆ بۆ خودی خۆی بەر کاریگەرییە دەرەکییەکان بکەوێت. بۆ نموونە هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) لە پاش ساڵەکانی (٢٠٠٢) بە دواوە کاریگەریی لەسەر جموجۆڵ و چالاکیی نوێ لە هەولێردا دروست کرد. بەخشینی گروتینێکی تازە بوو، هاوشانی بەرهەمهێنانی گۆڤارێکی خاوەن پێگەی تایبەتی وەک (شێوەکاری) کە لە ساڵی (٢٠٠٣) وە بڵاو کرایەوە. ئەمە سەرباری هاوکاریکردنی ئەو بۆ هونەرمەند (حەمید جەمال) لە پرۆژەی بنیاتنانی مۆزەخانەیەکی هونەریی هاوچەرخ لە شاری هەولێر. هەروەها هەوڵی هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) بۆ دامەزراندنی (مۆزەی هاوچەرخی سلێمانی-کرۆسینگ). (ڕەسوڵ، ٢٠١٣، لا١٢)

## ٤- بەجێهێنانی توێژینەوە

### ٤-١ کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک هاتوە لە چەند کارێکی هونەریی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان کە لە بواری میدیای نوێ و هونەری دیجیتاڵی کاریان کردوە کە مێژوویەکی نزیکیان هەیە و ئێستا هونەرمەندەکان بەردەستن، لەم توێژینەوەیەدا چەند هونەرمەندێک بە مەبەست وەرگیراون کە پێک هاتوون لە (٢) هونەرمەند بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی کارە هونەرییەکانیان بە پێی سنووری توێژینەوەکە کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٢٢، لە سنووری جوگرافیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ٤-٢ نموونەی توێژینەوە:

نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بەرهەمهێنان و بوونیان لەو کاتەدا وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو پێوەر و ئاماژانە لەبەرچاو گیراون کە چوارچێوەی تیۆرییەکە پێی گەیشتووە، تا گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندێتیی کۆمەڵگە سەرەکییەکەی کە (هەرێمی کوردستان)ە.

**٤-٣ ئامرازی توێژینەوەکە:**

پشتبەست بەو پێوەر و ئاماژە هونەرییانەی کە لە کۆتاییی کۆی چوارچێوە تیۆرەکەدا پێی گەیشتوە بەو هۆکارەی ئامرێزک بن بۆ ئەم توێژینەوە کە پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری دەبەستێت، بەم ڕێژەیی لای خوارەوە کارەکان ئەنجام دراون:

١/ تێبینی کارەکان. ٢ /ڕاپرسی. ٣/ چاوپێداخشاندن. ٤/ شوێن و تۆمار. ٥/ تەکنیکی خستنەڕوو.
٦/ ژێدەر و واتا. ٨/ کۆنتێکستی کار و چەمک.

**٤-٤ هۆکارەکانی هەڵبژاردن:**

ئاماژە بە سنووری کات بە هۆی گەشەکردنی دیجیتاڵی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا بە زیادبوونی ڕێژەی بەکاربردنی تەکنیکەکانی دیجیتاڵ لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری و واڵابوون لە بواری میدیای نوێ.

**٤-٥ میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە (میتۆدی وەسفیی شیکاری) بەکار هێنراوە، بە هۆکاری ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە و دەگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

**٤-٦ شیکردنەوەی نموونەکان:**

**٤-٦-١ نمونەی یەکەم:**



ناوی کارە هونەرییەکە: جلە زەردەکە

ناوی هونەرمەند: بەیان جاف

ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٢٢

کەرەستەکان: تیپی ڕوون، خەیاتی، دانتێل.

شوێن و ناونیشانی کارەکە: سلێمانی

خاوەنداری: ڤیم فاوندەیشن

تەکنیک و میدیایی بەکارهاتوو: installation ,
QR code

ئەم دیمەنە بینراوە لە سێ توخمی سەرەکی پێک دێت، تابلۆیەکی لاکێشەیی لە لای ڕاستی بینەر لە سەر دیوارێکی ڕەش هەڵواسراوە، لە لای چەپەوە QR کۆدێک دەبینین لە شێوەی چوارگۆشە لە سەر هەمان دیوار هەڵواسراوە، لە کاتێکدا لە بەشی خوارەوە، لای چەپی دیمەنەکەدا لە ژێر QR کۆدەکە مانیکینێکی منداڵانە (Manikin) دەبینین، لە شیوەی پەیکەرێک دامەزراوە لە سەر بناغەی هۆڵەکەدا کە عەزیی ئاهەنگی لە بەردایە بە ڕەنگی زەردی کرۆمی (Yellow Chrome). کەشێکی گشتی بە ڕەنگی ڕەش و زەرد زاڵە و هەژمووونی بە سەر سەرجەم دیمەنی کارە ئینستەڵەیشنە دیجیتاڵییەکە کردووە. پێکهاتەی گشتیی کارەکە لە شێوەی هەرەمیدا نیشان دەدرێت، لە ڕێگەی پەیوەندیی سێ بەشەوە کە کۆی کارەکە پێک دەهێنن (تابلۆ – بارکۆد – ئۆبجێکت).

توخمەکانی ئەم کارە بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەن، بە شێوەی دووڕەهەندی (تابلۆ) سێڕەهەندی (ئۆبجێکت) و جۆرێکی تر (کیو بارکۆد)ـە، کە ڕەهەندێکی گریمانەیی تێدایە و ئاسۆی چاوەڕوانی کارا نییە لە کاتی وەستان لەبەردەمی بارکۆدەکە، وا دیارە پەیوەندیی بە ڕەهەندەکانی ئەم توخمە ئاڵۆزە و ئاسایی نییە، بە هۆی هۆکارێکی سەرەکی و پشتبەستن بە (هێڵی ئینتەرنێت) واتا ئەم پرۆسەیە بە بێ دیجیتاڵ شکست دەهێنێت، چونکە هەڵوێستی بینەر و خواستی پەیوەندی لەگەڵ ئەم کارەدا گرێ دراوە بە میدیای دیجیتاڵ و پرۆگرامێکی تایبەت بە خوێندنەوەی QR کۆد، پاشان کۆدەکە بینەر بۆ قۆناغێکی تر لە پەیوەندیکردن بە کارەکە دەگوازێتەوە، لە ئەنجامدا ئاراستەی کارەکە بەتەواوی دەگۆڕێت نەک تەنها لە سەر ئاستی بینین و شێوەی دەرەکیی کارەکە، بەڵکوو لە سەر ئاستەکانی واتا و ناوەڕۆک. فۆڕمی کارەکە بە گشتی هەستێکی نامۆیی لای ئێمەی بینەر دەخوڵقێنێت بە هۆی سروشت و بابەتی کارەکە کە لە شێوەی شانۆیەکی بێدەنگ دەردەکەوێت، هەروەها هەستی دڵەڕاوکێ دروست دەبێت لە بەرکەوتنی یەکەمدا لە نێوان بینەر و ناونیشانی پێشانگاکە، (بۆچی جەنگ) تیشکی بابەتەکەیش ڕێڕەوی چیرۆکی کارە هونەرییەکە بە ڕەوتی جیاواز دەبات و مانای هەمەجۆر لە ناخی بینەران دروست دەکات، چونکە کاردانەوەی جەنگ لەسەر ژیانی تاکەکان بابەتێکی ئەزموونییە و پەیوەستە بە کۆنسێپت و کۆنتێکستی کارەکە و خودی بینەر خۆی، تابلۆی سەر دیوارەکەیش تەنها سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت بۆ بابەتی جەنگ لە ڕێگەی هێماکان (یادەوەری،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە(٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەستە، یاریی منداڵان، جلی منداڵان) بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت هونەرمەند (بەیان جاف) پشت بە دوو جۆر میدیا دەبەستێت بۆ پێکهێنانی کارە هونەرییەکەی خۆی (میدیای باو) فۆڕمی بووکەڵە و یارییەکانی منداڵان بۆ پشتگیری لە هزر و بیرۆکەی کارەکەی، هەروەها لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای گواستنەوەی وێنەی ئۆبجێکتێک بە تیپی کاغەز (وێنەی ئایکۆنی سەربازان کە لە جووڵە و شێوازی جەنگاوەر دەردەکەون) لەگەڵ (میدیای دیجیتاڵی نوێ) بۆ پشتیوانی لە بۆچوون و هەڵوێستی ڕەخنەیی خۆی لە دژی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات و... هتد.

هونەرمەند بەیان جاف لە ڕێگەی ئەم کارە ئینستەڵەیشنە جەخت دەکاتە سەر بابەتی ئامادەبوون و پەیوەندیی وەرگر لەگەڵ بەرهەمە هونەرییەکەی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵیی مۆدێرن، چونکە وێنەی بارکۆدەکە ئاماژە بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەکات ( A little girl on the street) کە چاوپێکەوتنێکی تۆمار کراوە لەگەڵ چالاکوانێکی ئوسترالی (جۆلیان ئەسانج) لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن (60 minute news) هونەرمەند لە ڕێگەی ڤیدیۆ تۆمارکراوەکە خواستی دروستکردنی دیالۆگێکی مرۆیی دیجیتاڵیی لە نێوان بینەر و بارکۆد هەیە، هونەرمەند وێنەی وەستاو (بارکۆد) دەکات بە وێنەی جووڵاو (ڤیدیۆ) هەروەها کار لە سەر گواستنەوەی هۆشی بینەر دەکات لە فەزای گەلەرییەوە بۆ فەزای یۆتیوب (پلاتفۆڕمێکی میدیایی بۆ پەخش و ڕاگەیاندنی ڤیدیۆ) پاشان بینەر ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ تابلۆ و ئۆبجێکت (وێنەی وەستاوەکان) ئەم شێوازە لە بینین وەرگر هان دەدات بۆ لێپرسینەوە لە بەها و لە مانای ئۆبجێکت و وێنە نەجووڵاوەکان.

ئەم پێکهاتە دووانەییە لە وێنەی وەستاو و وێنەی جووڵاو هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆڵی وەرگر لە پرۆسەی بینینی هونەری دیجیتاڵیدا. بەدەر لە پشتڕاستکردنەوەی گرنگیی هونەر لە سەردەمی دیجیتاڵی مرۆیی، لە سەردەمی نانۆ تەکنەلۆژی کە بەهایەکی زۆری هەیە لە ژیانی تاکەکان لە ئەمڕۆدا، تا ڕادەی بەکاربردنی ئەو دەسکەوتە لە کۆنتێکستی هونەری هاوچەرخ. شیکاری ئەم شێوازی کارە (ئینستەڵەیشنی دیجیتاڵی) ئەم دەرئەنجامەی بەدەست هێنا: هونەرمەند لە ڕێگەی میدیای دیجیتاڵی فەزایەکی نوێ دەرەخسێنێت بۆ بینەر لە سنووری شوێن - هونەر – دیجیتاڵ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤-٦-٢ نموونەی دووەم:**



ناوی کارە هونەرییەکە:

My father used to be a constructor

ناوی هونەرمەند: کۆسار جەلال

ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠١٨

کەرەستەکان: ٩ شاشە، هەیکەلێکی بە ئاسن دروستکراو

شوێن و ناونیشانی کارەکە: مۆزەخانەی هاوچەرخ لە سلێمانی

خاوەنداری: خودی هونەرمەند.

تەکنیک و میدیایی بەکارهاتوو: کامێرا، ڤیدیۆ، سکرین.

کارێی هونەری بەرجەستەیە لە فەزایەکی داخراودا کە لە فۆڕمێکی شێوە ئەندازەیدا خۆی نمایش دەکات، پێک هاتووە لە هەیکەلێکی بە ئاسن دروست کرا و بە ڕەنگی ڕەش لە شێوەی چوارگۆشەی پێکەوەلکێنراو، پاشان هونەرمەند نۆ سکرینی لە شوێن و بەرزیی جیاوازدا هەڵواسیوە، لە بەشی سەرەوەی هەیکەلە ئاسنەکەدا یەک شاشە هەیە و لە بەشی ناوەڕاستی چوار شاشە و لە بەشی خوارەوەی چوار شاشەی تر هەن، کە هەریەک ڕوویان لە لایەکی بۆکسە ئاسنەکەیە و بینەر دەتوانێ لە هەر چوار لای هەیکەلەکەوە شاشەکان ببینێت. تەواوی شاشەکان بۆ نماییشی ڤیدیۆیی جەستەی فیگەری پیاوێکی بەتەمەن تەرخان کراون بە بێ دەرکەوتنی سەری لەبەردەم باکگراوندێکی سپی کە جەستەی بە هۆی کارکردن بە درێژاییی ژیانی کەنەفت و شەکەت بووە.

ئەم کارە بە شێوەی چوارڕەهەندی نماییش کراوە بە هۆی بوونی بەرزی و پانی و قووڵی و درێژی لەگەڵ ئەمەیشدا بوونی ڤیدیۆ لە نێو شاشەکانم دیسان قووڵییەکی تر بە کارەکە دەبەخشێت. بە گشتی تەواوی کارەکە لە نێو فازایەکی تاریک نماییش کراوە کە دەکرێت مەبەست لێی زیاتر بۆ دەرکەوتنی شاشەکان بێت بۆ بینەر، بوونی ڤیدیۆ لەم کارەدا تەواوی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسەی کارەهونەرییەکە پەلکێش دەکات بەرەو بەدیجیتاڵبوون، چونکە کۆی نمایش پشتی بەستووە بە یەکە دیجیتاڵییەکان کە ڤیدیۆ و سکرینە. دەکرێت فۆرمی کارە هونەرییەکە بە هۆی بوونی نمایشێکی بە دەنگ و پیشاندانی کەسایەتیی باوک لە جەستەیەکی ماندوو بە هۆی کارەوە بە بێ دەرکەوتنی سەر بۆ بینەر تا ڕادەیەک هەستێکی قەلەقی و تا ڕادەیەک سامناک بخولقێنێت، دیسان بینەر بخاتەوە نێو میمۆریی خۆی و بیرکردنەوە لە باوک وەک یەکەیەکی سەرەکیی کارەکە، هەروەها ببێتە هۆی ئەوەی بینەر خۆی لێکدانەوەی جیاواز بکات، چونکە وشەی باوک تا ڕادەیەکی زۆر بۆ هەموو بینەرێک بابەتێکی کاریگەرە و جێی سەرنجە.

ئەم کارە ڤیدیۆییەی هونەرمەند کۆسار جەلال پرسی شوناسە لە ڕێگەی پیشاندانی جەستەوە، کاتێک جەستە لە سەبجێکتەوە دەبێتە تەنها ئۆبجەکتێک ئەمەیش بەو هۆیەی گەر تێبینی بکەین جەستەکان لە تەواوی ڤیدیۆکاندا سەریان نییە، کە سەر بە گشتیی نوێنەرایەتیی جەستە دەکات وەک یەکەیەکی بیرکردنەوە و بڕیاردان، بۆیە شوناسی جەستە شوناسێکی پاسیڤە ئەگەر ئەو حەقەیش وەربگرێت، هونەرمەند لێکچواندنی کردووە لە نێوان باڵەخانەیەکی بەرز یاخود نموونەی هەرەمەکان کاتێک باس لە پێکهاتەکانیان یاخود بنیاتنانیان دەکرێت، نازانرێت کێ دروستکەریان بوون، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ کێ دروست کراون وەک هەرەمی خۆفۆ، لە هەمان کاتدا شوناسی ئەو جەستەیە دیار نییە کا کاریان بۆ بنیاتنانەکەی کردووە، بە پێچەوانەوە کاتێک وێنە دەگیرێت بۆ مامەڵەیەک وێنەی سەر دەگیرێت نەک جەستە وەک شوناسی کەسەکە و ناسینەوەی، لێرەوە پرسی شوناس دەبێتە بابەتێکی گرنگ وەک (کۆپلان) دەڵێت مەرج نییە تەنها سەر ببێتە شوناسی کەسی، بۆیە هەر پارچەیەک لە جەستەیش دەکرێت شوناسی خۆی هەبێت. میدیای دیجیتاڵی لەم کارەدا بووەتە بەشێکی سەرەکیی بابەتی کارە هونەرییەکە، هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ بەخشینی واتا لە ڕێگەی وێنەی جووڵاوی جەستەی ڕاستەقینەی مرۆڤێک (باوکی هونەرمەند) لە چێوەی بابەتێکی ئامادە و ئایدیالیزەکراو. وا دیارە بەشداربوون و کارایی بینەر لەم کارە ڤیدیۆیە بەستراوە بە توانست و ئاستی هونەری خودی بینەر بۆ هەڵهێنجاندنی ناوەڕۆکێک بۆ ئەو وێنە دیجیتاڵییە. یەکێک لە ستراتیژە پێشنیارکراوەکان لەم ڤیدیۆ دیجیتاڵییە ئایدیالیزەکراو بەندە بە کلیپی وێنەی جەستەیەکی ڕووت (بێ پۆشاک) بۆ زیادکردنی وزەی بەرکەوتن لە گەڵ مانای

کارەکە، بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی لە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئیتیکی و نەریتە باوەکان (ئایینی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی) هەروەها بە هۆکاری تر کە بینەر لە چارەنووسی ڕاستەقینەی خۆی لە کاتی نەخۆشی و ئازارەکانی جەستە و تۆمارکردنی ساتەکانی دڵەڕاوکێ و نائارامی لە ڕێگای ناوەندێکی میدیایی دیجیتاڵی ئاگادار دەکاتەوە، لێرەدا دەکرێت ئەم کارە دیجیتاڵییە لە ڕووی بابەتی کارەکە پۆلێنی هونەری ڕیالیستی بێت.

کۆسار جەلال لەم کارە دیجیتاڵییە مرۆییە بەو ئەنجامە دەگات، کە وێنەی جەستەی جووڵاو ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە، هەست و تێگەیشتن و خستنەڕووی ڕەفتارەکانی پەیوەست بە جەستە لە کاتی ئازاری مرۆڤێک، واتە ئەزموونی نیشتەجێکردن و بەرجەستەکردنی جەستەی مرۆڤ لە کۆنسێپتی هونەری و لە ناو جەماوەرێکی دەستەبژێر. وێنەی جەستەی جووڵاو لەم کارەدا کێشەیەکی تر دەخاتە ڕوو و بە شێوەیەکی فراوانتر مامەڵە لەگەڵ بابەتی ناسنامە دەکات، لێرەدا خواستی هونەرمەند توخمێکی تاکە کەسی زیاد دەکات بۆ بابەتی ئەو کارە لە کۆنتێکستی گشتی بۆ تێڕوانین لە بەهای جەستە و ناسنامەی تاکڕەویی خوودی لە دەرەوەی بازنەی ستانداردەکانی کۆمەڵگا بۆ بڵاوکردنەوەی خەمێکی هەمیشەیی لە شوێنی گشتی (فەزای گەلەری).

## ٥- ئەنجامی توێژینەوەکە

### ٥-١ ئەنجام:

١/ دیجیتاڵی مرۆیی و یەکە دیجیتاڵییەکان بە گشتی ڕۆچوونەتە نێو ژیانی تاکبەتاکی کۆمەڵگا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆژانە لە نێو ماڵ و دامەزراوە و شوێنی کار بەریان دەکەوین، ئەو کاتانەی لەگەڵ خۆماندا بە سەریان دەبەین، دیجیتاڵ ئامادەیی خۆی هەیە، ئەم وابەستەیییەی دیجیتاڵی مرۆیی دەکرێت لە ناو گەنجاندا بە بەراورد بە تەمەنەکانی تر زیاتر بێت.

٢/ دیجیتاڵی مرۆیی لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی لە سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا پەرەی سەند و تەشەنەی کرد، کە لەو کاتەدا چەند هونەرمەندێکی کەم پەییان بە گرنگیی ئەم جیهانە برد و چەند کارێکیان بە میدیای نوێ بە ئەنجام گەیاندوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣/ دیجیتاڵی مرۆیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕێڕەوی کاری هونەری لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بە هۆکاری ئاراستەکردنی هونەر و پلاندارێژەری بەدیهێنانی فۆرمی تازەی هونەری و شێوازی جیای پیشاندان.
٤/ دیجیتاڵی مرۆیی لە کاری هونەری هاوچەرخدا لە هەرێمی کوردستان بە شێوازی جوڵاو و وەستاو دەردەکەون لە کۆنتێکستی کارە هونەرییەکان (نموونەی توێژینەوە) لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی دیجیتاڵ و ناوەندەکانی تەکنەلۆژیاو وە تۆڕێ ئەنتەرنێت بە تایبەت بۆ گواستنەوەی کۆدەکان بە مەبەستی گەیشتن بە مانا و بیرۆکەی کارە هونەرییەکە ئەم خاڵەش لە نموونەی ژمارە (١) لە کاری هونەرمەند بەیان جاف وە نموونەی (٢) کاری هونەرمەند کۆسار جەلال تێبینی دەکرێت.
٥/ دیجیتاڵی مرۆیی کار لەسەر شوێن و ڕووداوەکان و بوونی میمۆری جەنگ و ناخۆشی و نەهامەتی و کۆی ئەم بابەتانە دەکات و ناوەندێکە بۆ ناساندنیان بە ڕووی جیهاندا لە ڕێگەی کاری دیجیتاڵی و میدیا نوێکان ئەمەش لە نموونەی ژمارە (١).

## ٥-٢ دەرئەنجام:

١/خستنەڕووی ئەو ڕۆڵەی دیجیتاڵی مرۆیی لەسەر کارە هونەرییە هاوچەرخەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیەتی.
٢/ ڕۆڵ و گرنگیی دیجیتاڵی مرۆیی لە نێو تەواوی کایەکانی ژیانی ڕۆژانە و دامەزراوەکاندا لە دنیای ئەمڕۆدا، کە وا دەکات بیرکردنەوەیەکی تری داهێنەرانە بۆ سەر هەموو کایەکانی ژیان و کار و چالاکییەکانی مرۆڤ زیاد بکات، بە شێوەیەک هونەر دەکاتە پرۆسەیەکی خۆبۆئامادەکراوی پلانبۆدارێژراو، کە بە تەواوی بەرەو دیزاینی نوێی دەبات و بیرکردنەوەی دیجیتاڵی دەخاتە نێو کۆنسێپت و ناوەڕۆکەکەیەوە.

## ٥-٣ ڕاسپاردە:

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا کە دەربارەی ڕۆڵی دیجیتاڵی مرۆییە لەسەر هونەری هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕاسپاردە دەکات:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ۹ ) – ژمارە(٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

١/ دابینکردنی ئامێری دیجیتاڵیی پێویست لە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا بۆ ئاشنابوونی خوێندکار بە گۆڕانکارییە خێراکان لە نێو دنیای تەکنەلۆژیادا.

٢/ بەدیجیتاڵکردنی پرۆسەی خوێندن لە نێو زانکۆکاندا، واتا زۆرترین یەکە دیجیتاڵییەکان بۆ پەیوەندیی نێوان خوێندکار و مامۆستا بەکار بێت، بۆ مەبەستی گەڕاندنەوەی کات و هاوتەریببوون لەگەڵ خێرابوونی ژیاندا.

٣/ دروستککردنی گەلەرییەک کە تەرخان بێت بە کارە هونەرییە دیجیتاڵییە هاوچەرخەکانی هونەرمەندانی کورد.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: فەرهەنگەکان:

١. سەجادی، بەختیار. (٢٠٠٤)، شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی گزنگ.

٢. و. قانع، بورهان، (٢٠٠٣)، فەرهەنگ نوێ.

٣. و. محەمەد، کەمال. (٢٠١٩)، فەرهەنگی فەلسەفەی سویدی-ئینگلیزی-کوردی، چاپخانەی تاران.

### دووەم: سەرچاوە کوردییەکان:

٤. پیرباڵ، د. فەرهاد. (٢٠٠٦)، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

٥. ڕەسوڵ، وەهبی. (٢٠١٣)، جەدەلیەتی ناسنامەکان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی

### سێهەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

*6. wolf,L. (2010). The world of digital art. New York: shatter*

*7. flath,k. (2011). Media in 21st century: artistic, animators and graphic design. USA: karmen .*

*8. Burdick,Drucker,Lunenfeld. (2012). Digital humanities. USA: inspire agency .*

*9. Rush,M. (2004). new media in art. Hong kong: Mathew*

*10. Hope,Ryan. (2014). digital art. USA: Arthur*

*11. Walker, A. (2018). Art in the age of mass media. New York: beta house*

*12. Macfadden,J. (2010). Understanding media and culture: An introduction to mass communication. University of Minneso*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤) ، زستان ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Digital humanity as a center for expression in the arts of painting,

## Kurdistan Region as an example

**Azhin Jutyar Noori**
Painting, Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Reign, Iraq
Email: Azhin.jutyar13@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Nabaz Abdullatif**
Painting, Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Reign, Iraq
Email: nabaz.mohammad@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Digital, humanities, art, Kurdish art, central*

## Abstract

In this paper, the researcher has worked on the presence of human digital in all aspects of art and tried to analyze the impact of digital on the path and direction of contemporary art in the Kurdistan Region. The first part of the research is the main problem of the research, which refers to the impact of technology on life and the changes that have brought about the art process and institutions. The scope of the research, objectives and importance are presented in the first part and this section ends with the definition of terms. The second part of this research is related to presenting the theoretical aspect of this issue) has been carried out. The third part of the study presents the implementation aspect of the study, which was conducted by the method (analytical description). The samples are organized according to the time and place limits of the study, which consists of (2) samples.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٩ ) – ژمارە( ٤ ) ، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

في هذه الورقة، عملت الباحثة على وجود الإنسان الرقمي في جميع جوانب الفن وحاول تحليل تأثير الرقمية على مسار واتجاه الفن المعاصر في إقليم كوردستان. الجزء الأول من البحث هو المشكلة الرئيسية للبحث، والتي تشير إلى تأثير التكنولوجيا على الحياة والتغييرات التي أحدثت العملية الفنية والمؤسسات. يتم عرض نطاق البحث وأهدافه وأهميته في الجزء الأول وينتهي هذا القسم بتعريف المصطلحات. الجزء الثاني من هذا البحث يتعلق بعرض الجانب النظري لهذا الموضوع). يعرض الجزء الثالث من الدراسة الجانب التطبيقي للدراسة والذي تم إجراؤه بطريقة (الوصف التحليلي). يتم تنظيم العينات حسب حدود الوقت والمكان للدراسة والتي تتكون من (2) عينة.